# گەنج و هەڵبژاردن

**کارمەند بەکر**
karmand83atv@yahoo.com

**لیستی هاوپەیمانی کوردستان ڕاگەیەنرا و ئەحزابی کوردی چاوەڕێن کە خەڵکی کوردستان دەنگیان پێ بدا ، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەسەڵاتی کوردی چی بۆ هاووڵاتیانی کوردستان کردووە تا دەنگی بۆ بدەن و کامانەن ئەو خزمەتگوزاریە گەورانەی کە خەڵکی داوای کردوون وحکومەت بۆی جێبەجێکردوون ، لە (91) ەوە تا وەکو ئێستا حکومەت بوون سەرەتایترین پێداویستیەکانی هاووڵاتیانیان دابین نەکردووە کە کارەبا و ئاو و سوتەمەنییە، ئیتر نازانم خۆیان نەیان کردووە یان دارا یمان ئەوەندە نەبووە بەشی ئەوە بکات بەڵام بیریشمان نەچێ دارا یمان بەشی بەرزترین مۆدێلی سەیارە و خانووی بە ئاسمانا چووی کردووە .**

**دەنگدان مافە دەکرێ تۆ ئەو مافەی خۆت ممارەسە بکەیت و دەشکرێ نەیکەیت چونکە واجب نییە ، با لە باسەکەم نەرنەچم و کە مەبەستم گەنج و هەڵبژاردنە .**

**گەنج ئەگەر ئەمجارەش نەچێ بۆ دەنگدان وەك جاری پێشوو کە بۆ دەستوور گەنج بە شێوەیەکی زۆر کەم لە ناوەندەکانی دەنگدان دەبینران حەقیەتی هەم وەك ئەوەی کە گوتم مافە هەم لە ڕووی یەکی ترەوە کە دەسەڵاتی کوردی چی بۆ گەنج کردووە ، منی گەنج کۆمەڵێك داواکاریم هەیە ئەگەر بە شێوەیەکی یەگرتووش داوام نەکردبێ واتا وەك توێژی گەنج نەڕژابێتمە سەر شەقامەکان ئەوا دەسەڵاتی کوردیش کارێکی وای بۆ نەکردووم کە شایەنی باس کردنبێ ،چونکە لە ڕووی سیاسی و کۆمەلایەتی و هونەری و ...... گەنج کۆمەڵێك داواکاری هەیە کە دەسەلاتی کوردی تا ئێستا خۆی لە قەرەی نەداوە .**

**من ناحەقم نییە کە نەچم بۆ دەنگدان چونکە لە کوردستان من ئەگەر 22 ساڵ بخوێنم تا وەکو خوێندن تەواو دەکەم و دوا تریش دەبێ 30 ساڵ فەرمانبەری حکومەت بم بۆ ئەوەی کە پارچەیەك زەویم پێبدەن چونکە دەبێ 30 خاڵ بەرەو ژوورم هەبێ بۆ ئەوەی کە پارچەیەك زەویم پێبدەن کەواتە تەمەنم لە سەروو پەنجا ساڵەوەیە ئیتر دەبێ زەوییەکم بۆ چی بێ کە تەمەنم ڕۆی و خۆم سودی لێنەبینم ، بێ لەوەش کە لە بیابانێکدا دەتدەنێ کە هیچ خزمەت گوزارییەکی لێ نییە ، ئەگەر منی گەنج خێزان پێك بهێنم بە دڵنیاییەوە ئەگەر لە باب و باپیرانمەوە بۆم نە مابێتەوە ئەوا کوخێکم دەست ناکەوێ تیایدا دابنیشم و نە مووچە بەشی ئەوە دەکات کرێی خانوی پێبدەم نە هێندەشە ژیانێکی ئاسودەی پێ بەرمە سەر .**

**دەسەڵاتی کوردی هەمیشە وا کاری کردووە کە گەنج وەکو توێژ دەرنەکەوێ چونکە جگە لەوەی کە گەنج هەمیشە داینەمۆی گۆڕانکاری و پێشکەوتنەکانە لە بەرامبەریشدا دەسەلاتێکی گەندەڵ قبوڵ ناکا بۆیە بەردەوام وای لێکراوە کە گەنجی حزبی دەرکەوێ کە لە سیاسەتی حزبەکەی دەر نەچێ ئەگەر چی ناشکوری نەبێ حزبی سەرشەقامیشمان نییە لە سەر بێ مافی سەر جادەکان لە دەسەلات بگرێ ، لە کوردستان گەنجی یەکێتی و پارتی و یەکگرتتوو و شیوعی و .. هەیە ( کەم گەنجی بێلایەن بە دی دەکرێ ) هەتا ئێستا گەنج وەکو توێژێکی یەکگرتو و تۆکمە دەرنەکەوتتووە .**

**لە بەرامبەر بێ مافی گەنج و بەردەوام داواکاری و گوێ پێنەدانی حکومەت بە گەنج کەواتە گەنج نە سیقەی بە دەسەڵاتی کوردی ماوە و نە هێندەی جارانیش ئامادەیە گوێی لێبگرێ ( ئەو قوتابیە گەنجانەی کە دەڕژێنە سەر شەقامەکان نمونەن ) ، لێرەوە دەکرێ قسە لەسەر بەدیلی دەسەڵات بکەین بەڵام ئایا ؛ لە کوردستان هیچ حزبێك توانیویەتی ببێتە بە دیلی دەسەڵات و زۆرینەی دەنگی هاولاتیان بۆخۆی کۆ کاتەوە من پێم وایە بە دڵنیاییەوە نەخێر ، لەبەر ئەوەی خەڵکی ئێمە هێشتا فێری ئەوە نەبووە کە بەرنامەی ئەحزاب بخوێنێتەوە ئینجا ڕوو لە سندووقەکانی دەنگدان بکا و بزانێ کێ هەڵدەبژێرێ ، لە بەر ئەوەی کەمن برایەکم یان باوکم یان هەر کەسێکی ترم شەهیدی فلان حزبە یان لایەنگریەتی دەبێ منیش لایەنگر و پشتیوانی ئەو حزبە بم ، لێرەوە پەیوەندی خوێنی نێوان تاکەکان دەردەکەوێ کە ئایندەیەکی نەباش چاوەڕێمان دەکا و ئەگەر لە سەر ئەو عەقلە بەر دەوام بین نە پاشەڕۆژیشمان ڕوونە .**

**گەنج نە هەلی کارکردنی بۆ ڕەخساوە و نە دەسکەوتەکانیشی لە دوای ڕاپەڕینەوە هێندە بوون کە جێگای سەرنج بێت ، دەبێ ئەم توێژە ئەگەر بە ئاگا هاتۆتەوە؛؛ یان خۆی ڕێك بخا یان بەدیلێکی دەسەڵاتی کوردی بدۆزێتەوە لە ئاستی ناوخۆ ،لە سەر ئاستی عێراقیش بیرمان نەچێ حکومەتی ئێستای عێراقی نە تۆپ و نە تەیارەی هەیە و نە سونەکانیش بالادەستن بەرامبەر کورد ئاوا دەکەن ئەی ئەگەر بالا دەست بونایە و ئەمریکای لێنەبوایە چیان پێدەکردین ، دەکرێت ئەو پرسیارە ئاراستەی گەنجەکانمان بکرێت لە عێراق دەسەڵاتی شیعە یان سونەکان یان هەموو پێك هاتەکان دەسەڵاتیان بە دەستەوەبێ ، ئەی ئامادەی دەنگ بدەی یان نا؟؟؟؟؟**